# بیرەوەری و دارکاستانییەکەی ئانێ فرانک




**کاوە ئەمین**

لە ڕۆژنامەی (داگینس نیهێتەر)ی سویدیدا وتارێکی سەرنجڕاکێشەرم خوێندەوە لەسەر ژیانی پیرە دارێک و کچێکی بەناوبانگی جوولەکە، ئانێ فرانک، باسەکە بوو بە کەڵکەڵەیەک و وای لێکردم کە پەنا بۆ سایتی (Google) بەرم کە بووتە کوردەواری وتەنی حەوت دەرمانە، دەریایەکی هەڵێنجانی زانیاری کە نە سەری هەیە و نە بن، لەو زانیارییانەی کە لە (Google) دا پەیدامکردن و وتارەکەی خاتوو ماریانا بیۆرکلوند و خوێندنەوەی بەشێک لە بیرەوەرییەکانی ئانێ فرانک، بوونە هەوێنی نووسینی ئەم وتارە. خۆ هیچ نەبێت چەند خوێنەرێکی کوردیش ئاشنای بەشێکی کەمی ژیانی ئەم کچە جوولەکەیە دەبێت. بە دەست خۆم نەبوو لە کاتی خوێندنەوەی هەندێک لاپەڕەی بیرەوەریەکانی ئانێ فرانکدا، خەیاڵم بۆ لای ئەو هەژدە کچە ئەنفالکراوە چوو کە بەعسییەکان فرۆشتبوویانن بە وڵاتی میسر، لێ مخابن نە کورد و نەغەیری کورد خۆیان نەکرد بە خاوەنیان، لە خۆم دەپرسی تۆ بڵێی ڕۆژێک بێت بیرەوەری یەکێک لەو کچانەمان بەرچاو بکەوێت، بۆ نا؟

ئانێ فرانک، کچێکی جوولەکە بوو، لە ساڵی 1929 لە (فرانکفۆرت ئام ماین) لە هێسین لە ئەڵمانیا لە دایک بوو. ساڵی 1933 کۆچ دەکەن بۆ ئەمستەردام. باوکی ئانێ، ئۆتۆ فرانک کەسێکی دەوڵەمەند دەبێت و هاوکات وەک هەر کەسێکی ئاسایی دیکە تەماشای دین دەکات، بەڵام ئەویش وەک زۆرێک لە جوولەکەکان لەگەڵ خێزانەکەی دەکەونە بەر هەڕەشەی نازیزم، هەربۆیە خۆیان دەشارنەوە، تا ئەو کاتەی لە لایەن نازیستەکانەوە لەو خانووەی کە خۆیان تێدا شاردبووە و دوای بیستوپێنج مانگ دەگیرێن و ڕەوانەی ئۆردوگا زۆرەملێکانیان دەکەن. ئەم کچە لە ڕێگای نووسینەوەی بیرەوەریەکانییەوە لە ماوەی ئەو بیست و پێنج مانگەی خۆی شاردبووەوە، لە دنیادا ناوبانگی بڵاودەبێتەوە.

کاتێک تەمەنی سیانزدە ساڵ دەبێت، دەفتەرێکی بیرەوەری نووسینی بەدیاری دەدەنێ و دەست دەکات بە تۆمارکردنی یاداشتەکانی. پاشان ئەو بیرەوەریانە بە چەند شێوەیەک دەکرێنە فیلمی سینەمایی. ئەو خانووەی کە ئانێ فرانک و خوشکەکەی و دایک و باوکی و چوار لە هاوڕێکانیان خۆیانیان تێدا حەشاردابوو کەوتبووە سەر جادەیەک لەسەر یەکێک لە کەناڵە ئاوییەکانی ئەمستەردام، (Prinsengracht 263).

یەکێک لەو یاداوەریانەی کە دەبێتە هاودەمی ئانێ فرانک ئەو دارە کاستانییەیە کە لە پەنجەرەکەیەوە وەکو دڵدارێک، دڵی خۆی پێدەداتەوە و لە بیرەوەرییەکانیدا چەندین جار باسی لێوەدەکات. ئیتر ئەو دارە دەبێت بە بەشێک لە ژیانی ئانێ فرانک و ئێستا دارێکی بەناوبانگە نەک تەنها لە ئەمستەردام بەڵکو لە جیهانیشدا. ئەو دارە

ئێستا کەوتۆتە بەر هەڕەشەی بڕینەوە، ئاخر گوایە دارەکە کە ئێستا کێشەکەی بیستوحەوت تەنە و تەمەنی سەدوپەنجا ساڵ زیاترە، تووشی نەخۆشی بووە و مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کە بەرگەی ڕەشەبایەکی سلێمانیی ئاسایی نەگرێت و ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە خەڵکی گەڕەکەکە. ئێستا چارەنووسی ئەو دارە کەوتۆتە دەست دادگای ئەو شارە، چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر دارەکە کراوە و دەکرێت، لە ماوەی مانگێکدا دەبێت چارەنووسی ئەو پیرە دارە بە بڕینەوە یانیش مانەوەی دیاری بکرێت.

ئانێ فرانک لە رۆژی 23 فێبروەری 1944 ئاوا باسی دارەکەی بەر پەنجەرەکەی دەکات:" نزیکەی هەموو ڕۆژێک دەچمە هەورەبانەکە تا خەم و خەفەتی پەنگخواردووی نێو سییەکانم هەڵڕێژم. لەو شوێنەی کە خۆم بەدڵمە لەسەر عەرزەکە دادەنیشم و تەماشی ئاسمانی شین و دار کاستانییە تەنهاکەی کە دڵۆپە باران بەسەر لقەکانییەوە دەبریسکێنەوە، دەکەم".

مرۆڤ گیانلەبەرێکە کە تا ئەو کاتەی دوا هەناسە دەدات بۆ ژیان دەژی و ژیانیش گەلێک پێناسەی بۆ کراوە، بەڵام زۆربەی پێناسەکان ئازادی مرۆڤیان بە بنەمای ژیانێک کە پێی بوترێت ژیان، گرتووە، مامۆستا ئیبراهم ئەحمەد لە شیعری "مەمرە بۆ مردن بمرە بۆ ژیان" دا، جوان باسی ئەو ئازادییەی کردووە، ئاخر ژیانێک کە پڕ بێت لە کوێرەوەری و چەوساندنەوە دەبێت چ ژیانێک بێت؟ کۆیلە ڕاپەڕیووەکان بە هەزارانیان لێ کوژرا تا نەوەکانی دوای خۆیان ئازاد بن و نەبنە کۆیلە.

دیارە ئەوەی کە کچێکی وەکو ئانێ فرانکی وەکو تاکێک بە نەمری هێشتۆتەوە ئەو بیرەوەریانەیە کە لە پاش خۆی بەجێی هێشتوون. ئەوەتا لە ڕۆژێکی بەهاری 1944 دا ئانێ فرانک ئاوا باسی دارەکەی بەر پەنجەرەکەیان دەکات: "دار کاستانییەکەمان لەبەری پێوە تا تەوقی سەری بە گوڵ داپۆشراوە و سەرتاپاشی گەڵا داپۆشیوە، ئیمساڵ جوانترە تاکو پار". ئانێ، نەیدەویست بە هیچ جۆرێک کەس توخوونی دەفتەری بیرەوەریەکانی بکەوێت، بەڵام بە پێچەوانەوە حەزی دەکرد چیرۆکەکانی بخوێندرێنەوە، ئاخر ئەو سەرەڕای منداڵیشی ئاشقی کتێب خوێندنەوە بوو و چیرۆکیشی دەنووسی. ئەوان بیستوپێنج مانگ لەو خانووەی کە خۆیان تێدا شاردبووەوە مانەوە، بەبێ ئەوەی بچێتە دەرەوە، هەر بۆیە وەرزەکانی ساڵی لە دار کاستانییەکەی بەر پەنجەرەکەیانەوە دەژمارد.

دوای ئەوەی ژنێک، لە ڕۆژی 4 -8-1944 بە تەلەفون نازیستەکان لە شوێنی خۆشاردنەوە ئانێ فرانک و خێزانەکەی ئاگادار دەکاتەوە، بە پەلە پێنج لەو سەربازانەی کە بە (SS) ناسرابوون، خۆیان دەگەیەننە شوێنەکە و هەر هەشت کەسەکە دەگرن و ڕەوانەی ئەو ئۆردوگانەیان دەکەن کە تایبەت بوو بە زیندانی جوولەکەکان و پاشان یەکە یەکە، پێش کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم هەموویان دەمرن تەنها باوکی ئانێ فرانک، ئۆتۆ فرانک ڕزگاری دەبێت.

نازیستەکان دارو بەردی ماڵەکە دەدەن بەسەر یەکدا بۆ شتی بە قیمەت دەگەڕێن، دەفتەری بیرەوەریەکانی ئانێ فرانک کە لە نێو قەنەفەیەکدا دانابوون، نادۆزنەوە، تەنانەت هەر تەماشای ئەو کاغەزانە ناکەن کە لەو ناوەدا هەڵیانڕشتبوو، سەربازەکان ئاقڵیان بەوە نەشکابوو کە دەفتەرەکەی ئانێ فرانک دەبێتە گەوهەرێکی بەنرخ کە تا دەفتەری بیرەوەریی و قەڵەم بمێنن، بەسەرهاتی ئانێ فرانکیش دەمێنێت. ئاخر کە هەر باسی بیرەوەری دەکرێت ئەوا بێ ئەم لاو لا باسی بیرەوەرییەکانی ئانێ فرانکیش دێنە گۆڕێ. دوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی دووەم، ئۆتۆ فرانک واتە باوکی ئانێ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەمستەردام و دەفتەری یاداوەرییەکانی ئانێ دەدۆزێتەوە و چاپی

دەکات. ئێستا ئەو کتێبە بۆ دەیان زمانی زیندووی جیهان وەرگێڕدراوە و بووەتە بەشێک لە سەروەرییەکانی جوولەکە.

تێبینی: لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە) دا بڵاو کراوەتەوە.